# بروسکەیەک لە سویسراوە بۆ پەنابەرانی مانگرتو لە تورکیا

ئەمرۆ 2005/06/25ڕۆژی شەممە کاتژمێر 18:00بە کاتی ئەوروپا ،هەر وەک پێشتر ڕاگەیەنرا بوو کۆبونەوەیەک لە [CaBe]،کەبنکەی فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی یە لە شاری سەتگالن،لە وولاتی سویسرا بەڕێوە چوو،بۆ بەدەنگەوە هاتنی فەوری و هاوپشتی یەک دەنگ و یەک دەست بە دەم بانگەوازەکانی پەنابەرانی مانگرتوو لە تورکیا و دەست بەکار بوون بۆ نیشاندانی یەک دەنگی یەکی بروسکە ئاسا وەک پێشڕەوی یەکی کەم وێنە لە بەرامبەر ئەو پیلانە گڵاوەی UN وحکومەتی تورکیا ونیشاندانی ئەوەی کە ئە وکارەی دەستی بۆ دەبەن تاوانە و دەبێت ڕسوا بکرێت،باشترین عەکسول عەمەل بە دەنگەوە چوونی بانگەوازی ئینسانی پەنابەرانە بۆ بەرپاکردنی خۆپیشاندان لە تەواوی دونیا لە بەردەم UNی هەموو وولاتانی دونیا،وە ئەم کارە مومکینە ئەگەر هەر ئینسانێک بیر لەوە بکاتەوە کە بە کاری تەنها یەک ڕۆژ 1200 ئینسان لە مەرگ ڕزگار دەکات وپاشەکشە و شکست بە سەر ئالەتی جەوسانەوە دادەسەپێنێت،ئێمە ئەمڕۆ ئەوەمان سەڵماند کە دەتوانین ئەو کارە بکەین ،ئەوەتا ئێمە لە دەوری یەکتر بە پشتی یەکتر ،هەموو جیاوازی یە سیاسی یەکانی خۆمان ناوەتە لاوە دەمانەوێت هاوپشتی ئەو ئینسانانە بین و چرکەیەک زووتر لە مەرگ و برسێتی ڕزگاریان بکەین ،کە هەر هەموومان لەم خاڵەدا توند توند یەک دەگرینەوە،بۆیە بە کۆی دەنگ بڕیارماندا:

1.خۆپیشاندان بکەین لە بەردەمUNHCR لە جنێف ،لە نزیکترین فرسەتدا کات و ڕۆژەکەی بڵاو دەکەینەوە.لەم بارەوە ئەندامێکی ئەم کۆمیتەیە بۆ وەرگرتنی ئیجازەی پۆلیسەکەی چووە بۆ جنێف بە خۆشحالی یەوە هەرکەس بیەوێت دەتوانی کۆمەکی بکات ،پەیوەست بێت پێیەوە کە ژمارە تەلەفۆنەکەی ڕادەگەیەنین.

2.لەم خۆپیشاندانە ئاڵاو دروشم و پەرجەمی هیچ حزب ولایەنێکی سیاسی بەرزناکرێتەوە،تەنها چەند لافتەیەکی داواکاریەکانی پەنابەرانی کوردی ئێرانی کە لە تورکیا مانیان گرتووە،بە زمانی کوردی،فارسی،ئەڵمانی.

3.لیژنەی ئیداری وئامادەکردن و نوسینی لافتەکان ،لیژنەی ئیعلام وپەیوەندی کردن بە هەموو حزب ولایەن وڕێکخراوە سیاسی وئازادیخوازو ئینسان دۆستەکان،لیژنەی کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان وگەیاندنی کۆمەک بە پەنابەرانی مانگرتوو لە تورکیا.

ئەم کۆبوونەوەیە بە بەشداری ئەم بەڕێزانە بەڕێوەجوو:

1.خاتوو Irene v.Hertzئەندامی ڕیکخراوی [CaBe]،کارمەندی دەوڵەتی لە بواری کاری پەنابەری زیاتر لە 14 ساڵ[0041712201407]

2.فازڵ عوسمان[0041797266974] .

3.سادق ناهومی.[0041765206019]

4.سەردار حامد [0041763777466].

5بەهیەکاوە[0041763209306].

6.کارزان عەلی.7

عوسمان تازیک[0041765641929].

8.جوان ڕەحیم[0041715346592]

.9.کازم قادر [نێردراوی کۆمیتە بۆ وەرگرتنی ئیجازەی پۆلیس کە ئێستا لە جنێف - 0041764927349-]

ئەم کۆمیتەیە دەرگای کرایە بۆ  هەموو کەس ،وەرن با ئەم کۆمیتەیە فراوانتر بکەینەوە،هەتا فشارمان توندتر بکەینەوە لەسەر UN وحکومەتی تورکیا وجمهوری ئیسلامی ئێران کە لە ڕووی نێودەوڵەتی یەوە ئەمڕۆ پاش تەنسیب کردنی ئەم سەرۆکە عەسکەرتارە دڕندەیە ڕژێمی ئێرانی زۆر ڕسواتر بووە لە جاران .

بژی خۆپیشاندان،بژی مافی ئینسانی پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە تورکیا.

کۆمیتەی هاوپشتی پەنابەرانی مانگرتوو لە تورکیا/سویسرا

2005/06/25